# بەجێماوانی ئەنفال
# داوایی دادگایی کردنی جاشە کوردەکان دەکەن

ئا: عەدنان مەلا ساڵح



"نەپارم گەرەکە نەماڵم گەرەکە، گەرەکمە ئەوانەی وابراکانی ئێمەیان کوشت لەگەڵ زۆڵە کوردەکان دادگای بکرێ" ئەمە قسەی فەهیمە حەمە ئەمین سەلاّحە کەناسراوە بە( فەهیمە کۆچەری) تەمەن ٦٠ ساڵە کە ٥٠ کەس لە بنەماڵەکەی ئەنفالە، ئەو زیاتر دوواو وتی"لەجیاتی تۆڵە سەندنەوە لەو کەسانەی بە کارەساتی ئەنفال هەڵساون پەیکەرێکیان دروست کردووە لە قۆڵە فەرەنجیەکە و هیچی تر، زۆرجار حوکمەت دەڵێ قەرەبوی ئەنفال دەکەینەوە بەڵام ئێمە بە هیچ شێوەیەك قەرەبومان نەگەرەکە، گەرەکمانە زۆڵە کوردەکان دادگای بکرێن ئاخر بۆچی دەبێت تا ئەمڕۆش وەرەقە لای ئەوانەوە بەرز بکەینەوە بۆلای مەسولەکان" هەروەها وتی "بۆ علی کیمیای و سوڵتان هاشم عیدام ناکەن؟"

ئامارەی بۆئەوەش کرد تائێستا لە کەلاوەیەکدا دەژی، تەنها ئەرزێکی وەرگرتووە کە نە ئەی کەن بە خانوو بۆی و نە تاپۆشی ئەکەن، وتی دێیەکەی ئێمە کەناوی (تەپە سپی)یە زۆرترین کەسی لێ ئەنفال کراوە تا ئێستا هیچ خزمەتگوزارییەکی بۆ نەکراوەو تەنانەت جادەشی بۆ ڕانەکێشراوە، ئێمە تا ئەو کاتەی ئەمرین یادی کەس و کارە ئەنفالکراوەکانمان دەکەینەوە، بەڵام لە قسەکانیدا ئەوەی وت کە بۆ ئەمساڵ لەگەڵ یاد کردنەوەی ئەنفالدا نین چونکە هەمو ساڵێك ئەو یادە دەکرێتەوەو کۆمەڵێك مەسئول و کەسی حیزبی بانگ دەکرێتو کۆمەڵێك بەڵێنمان پێئەدەن کە تەنها بۆ ئەو ڕۆژەیەو هیچی جێبەجێناکرێت وتی "ئەمانە کار لە ئێمە ناکات و سارێژی برینەکانمان ناکات با چیتر ئەو یادەشمان بۆ نەکەنەوە".

خاوەر کەریەم تەمەن ٥٠ ساڵ نزیکە ٧٠ کەس لە بنەماڵەکەی ئەنفالە کە تێیدا خاڵ و براو برازاکەو مێردەکەشی تێدابوو، وتیشی حوکمەت تەنها زەوییەکی پێداین وتی بۆتان دەکەینە خانوو بەڵام ئەوەشیان بۆنەکردین، کە زۆر لە خێزانەکان بەهۆی خراپی باری ئابووریانەوە ناچار بوون زەویەکانیان بفرۆشن، باسی لەوەش دەکرد کە لە شارۆچکەی کەلار زەویەکی هەبووە فرۆشتویەتی، وتیشی حوکمەت لە قوڵە فەرەنجیەکەدا پەیکەری بۆدروست کردوین وادەزانێت کەس و کاری ئێمە شوان و گاوان بوونە، بۆیە داوای گۆڕینی ئەو پەیکەرە دەکەین، باسی لەوەش دەکرد کە ئەوان وەکو ژنانی کەس و کار ئەنفال کراو ڕێگە نادەن یادی ئەنفال بکرێتەوە تاکو ئەو زەویانەی حوکمەت وەعدی پێداون بیکاتە خانوو بۆیان وەعدەکەی جێبەجێنەکات، و ئەو قوڵە فەرەنجیەش لانەبات، وتیشی: ئەگەر ئەوان سورن لەسەر ئەوەی ڕەمزێك بۆیادی ئەنفال دابنێن با شتێك بکەن کاتێك کەسێکی بێگانە هاتە سەری بزانێت ئەنفال چ کارەساتێکە، ئەو پارە زۆرەی لە دروستکردنی ئەو قوڵە فەرەنجیەدا خەرجیان کردو بەخەربرا با شتێکی وەك مۆنۆمێنتی هەڵەبجەیان لێ دروست بکردایە.

ئێستا بیست ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا تێدەپەڕێتو دایك و باوکە پیراکانمان چاوەڕوانی هەواڵێکی ڕۆڵە ئەنفال کراوەکانیانن،(وەلی محمد) و (فاتمە محمد) ئەو پیرێژن و پیرە پیاوەن کە نمونەی سەدان کەسەن لەوانەی کەلە چاوەڕوانی ڕۆڵەکانیاندان تاکو هەواڵێکیان پێبگات، ماندوبون یەك لەدوای یەك کۆچی دواییان کردو ڕۆڵەکانیان نەبینیەوە، پێش مردنیان بۆکارێکی ڕۆژنامەوانی سەردانم کردن، فاتیمە وتی: ئێمە لە

قەڵا چەرمەڵە خاوەن ماڵ و پارەو سەروەت و سامان بووین، بەڵام سەدام ئەنفالی کردین و قەڵا چەرمەڵەیان بەشۆفڵ تەخت کرد و پێی چۆڵ کردین، باسی لەوە دەکرد کە لەم کارەساتەدا کوردە جاشەکان دەستیان تێدا هەبووە هۆکارێك بوون بۆئەوەی خوشك و براو منداڵیان ئەنفال بکرێت، بەگلەییەوە دەیوت خەڵکی بەخێری خۆی تیکەیەك نانمان دەداتێ دەنا لەبێکەسی و برسێتیدا دەمرین، وتی "داوا دەکەم لە حوکمەت خەرجیەکمان بداتێ بۆئەوەی پێی بژین"، مام وەلی برای فاتیمەیەو ١٥ ساڵە لە کەلاوەیەکدا پێکەوە دەژین، مام وەلی بە دەستێکی شکاوەوە لە حەوشەکەی خۆیاندا ڕاکشابوو وتی "ئاخ جاشەکان ناوی کوردیان پیس کرد، هەرگیز نەیەژی کوردم، ئەم پیاوە بە تەمەنە بەڕویەکی لاوازو وبێتاقەتەوە باسی لە ژیانیان دەکرد کە بۆماوەی ١٠ ساڵە لەو کەلاوەیەدا بەبێ ئاو کارەباو فێنك کەرەوە دەژی، وتی "بەهۆی ئەم نەخۆشیەی توشم بووە خوشکەکەم دەمشۆرێت"، وتیشی "ئێستاش چاوەڕێی کەس و کارمانین بەڵکو بێنەوە، تا ئێستاش هیچ کەسێك لەلایەن حوکمەتەوە یارمەتی نەداوین"، مام تاهرپیاوێکی دەست کورت بوو کە خۆی و کچەزاکەی لە خانویەکی قوڕدا لە ناحیەی ڕزگاری دەژیان، مام تاهر نەخۆشیەکی کوشندەی هەبوو، هەرچەندە هاواری بۆ بەرپرسان و لایەنە حوکمیەکان دەبرد بۆئەوەی یارمەتی بدەن بەڵام بە بێ کەسی کۆچی دوای کرد،

فەیمە کۆچەری وتی"ئێمە هەرگیز ئەنفالمان لەبیر ناچێتەوە بەڵام حوکمەت ئەنفالی لەبیر کردووە، باسی لەوە دەکرد کە ١٨٢ هەزار مرۆڤیان بێ سەرو شوێنەو کەسیش نازانێت تەرمەکانیان چی بەسەر هاتووە"،

ڕێباز غالب کەلە پرۆسەی ئەنفالدا تەنها ٧ ساڵ تەمەنی بووە، لەو کارەساتە ڕزگاری بووە، خەڵکی عەزیز قادرە ئێستا لە ناحیەی ڕزگاری نیشتەجێیە وتی" من باوکم و کەسوکارێکی زۆرم ئەنفالکراوە باوکم ئەوکات پێشمەرگەبوو خزمەکانم دەیانەویست باوکم رزگار بکەن و بیگەێننە ناوشار بەڵام ئەو قبوڵی نەکردو وتی دەبێت چارەنوسم وەك ئەوانی لێ بێت"، ئەم گەنجە باس لەو کاتە دەکات کە لە ملەسورە سواری تراکتۆریان کردون و هەر تراکتۆرێك دوو سەربازی عێراقی لەسەر بووەو بەرەو ئۆردوگای صمود بەرێ کراون ژمارەیەکی زۆر لە جاشیان لەگەڵدا بووە وتی" لە ئۆردوگای سمود گاڵتەیان پێ دەکردین و دەیانوت کەوا هەڵۆکانی گەرمیانتان لە کوێن، باوکم هەستاوە سەرپێ و

وتی هەڵۆکانی گەرمیان ئێستا لە شاخدان و بەرگری لە خاکی وڵاتیان دەکەن و وەك ئێوە خۆفرۆش نین لەوکاتەدا خزمەکانمان دەستیان خستە سەر دەمی باوکم بۆ ئەوەی زیاتر نەیەژێت ، هەتاکو گەیشتینە قۆرەتوو باوکمان لە گەڵدا بوو لە تۆبزاوە هەمومانیان جیا کردەوە گەنج بە جیا ژن بەجیا و پیاو مناڵیش بە جیا کاتێك گەیشتینە تۆبزاوە لەبەر ئەوەی باوکم پێشتر ئەو شوێنەی بینیبوو زانی ئەویٚ وەکو کوشتارگە وایە"، ڕێباز لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکی گرتنی بەردەوام بوو دەڵێت" باوکم هەمووومانی ماچکردو بە دایکمی وت خاوەر ئامانەتی تۆو ئەو منداڵانە، خاوەر ژنی گەورەی باوکم بوو وتی وانازانم جاریکی تر یەکتر ببینینەوە،چونکە من دەزانم ئێرە چۆنە لە وێدا باوکمیان لە ئێمە جیا کردەوە پیش جیاکردنەوەی باوکم میمکم لەتیٚ نانی پێبوو دای بەباوکم وتی لە ڕێگا برسیت بێت ئیتر باوکم رۆشت و نەگەڕایەوە بە داخێکی زۆرەوە وتی" زۆر حەسرەت دەخۆم ئێستا ئەو جاشانەی کە دوێنی ئێمەیان ئەنفالکرد ئەوڕۆ مەنسولن و دەبێت ئێمە بچینە لایان بۆ بەرێکردنی کارەکانما بۆیە هیوادارم هەموویان بە سزای خۆیان بگەن".